گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue3 2024
ID No. 1786 (PP 238-253)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.3.13

توێژینەوە

# ڕۆمانی ئەندێشەی زانستیی بە نموونەی ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)ــی "گۆران سەباح"

**سۆران مامەند عەبدوڵڵا /** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر
**بریار خليل حسين* ڕێحان رسول احمد* پەروین عبدالله خضر* کارزان محسن قادر***
* بەشی زمانی کوردی ،کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر

## پوختە

ڕۆمان وەك ژانرێکی ئەدەبیی، یەکێکە لەو لقە ئەدەبییانەی کە زۆرترین خوێنەری هەیە، بلاوبوونەوە و زۆری خوێنەری ڕۆمان وایکردووە هونەری ڕۆمانووسین بکاتە پێشەنگی ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەب. ئەم پێشەنگیەش وایکردووە ڕۆمانئوسان ئاوڕ لە زۆربەی بابەت و لایەنەکانی تری ژیانی مرۆڤ بکاتەوە، خەیاڵی زانستیش یەکێکە لەو بابەتانەی کە نووسەر لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرازن)دا باس کردووە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ناونیشانی (ڕۆمانی ئەندێشەی زانستیی بە نموونەی ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)ــی "گۆران سەباح")دایە. کە لە پێشەکی و چەند تەوەرەیەك پێکدێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ بەرجەستەکردنی شێوازی خستنەڕووی دەردێکی کوشندەی کۆمەڵگە کە بریتییە لە بێ بەهایی و کەم نرخی مرۆڤ، کە تیایدا باس لە پێناسەکردنێکی وردی ئەندێشەی زانستیی دەکەین هاوشان لەگەڵ باسکردنی مەترسیەکانی پێشکەوتنە زانستییەکان لەسەر ژیان و ژینگەی مرۆڤ، پاشان ڕۆمانی ناوبراو پراکتیزە دەکەین و باس لە چەندین دەرد و نەخۆشی ئێستای مرۆڤایەتی دەکەین کە لەنێو ڕۆمانەکەدا ڕەنگیداوەتەوە، لەگەڵ باسکردنی پرسی داهێنان و نوێگەری کە ئێستای مرۆڤایەتی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، ئینجا باس لەو ململانێی و ڕووبەڕووبوانە دەکەین کە لەنێوان بوونەوەری بایۆلۆژیی و تەکنەلۆژییدا هەیە و لە ڕۆمانی مرۆڤی هەرزاندا ڕەنگیداوەتەوە، لەکۆتاییشدا ئەنجامەکان لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو، سەرچاوەکانیش بەشێوەیەکی زانستییانە ڕیز و پۆلێنکراون. لەگەڵ وەرگێرانی پوختەی توێژینەوەکە بۆ زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی.

CORRESPONDENCE
**سۆران مامەند عەبدوڵڵا**
.soran.abdullah@su.edu.krd

وەرگرتن: 2024/02/19
پەسندکردن: 2024/03/29
بڵاوکردنەوە: 2024/06/15

**وشە سەرەکییەکان:**
ئەندێشە،
زانست،
مرۆڤ،
بەکاڵاکردن،
داهێنانی مرۆڤ.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی:**

ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان) دەقێکی ئەدەبییە سەر بە دنیای ئەندێشەی زانستی، کە لە ساڵی (2021) دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە و لە نووسینی (گۆران سەباح)ە، (مرۆڤی هەرزان) چوارەمین ڕۆمانی نووسەرە، پێشتر نووسەر ڕۆمانەکانی ( شاخوێنبەری سەرکردە لە ساڵی 2005)دا، ( ترس و ڕق لە ساڵی 2011 )دا ، ( دیری سوور لە ساڵی 2013 ) دا نووسیبوون . مەبەستمانە لەم توێژینەوەیەدا ڕاستەوخۆ بپرژێنە سەر ڕۆمانەکە، بۆیە خاڵی سەرەتا و دەستپێکردنمان لە توێژینەوەکە بەخوێندنەوە و ڕاڤە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ناونیشانی دەقەکە دەبێت، ئاشکرایە ناونیشان لە دووتوێی دەقی ئەدەبی دایە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ناونیشان بە پوختکراوەی سەرلەبەری دەقە ئەدەبیەکە دادەنرێت، پوختکردنەوەی دەقیش لە ڕێی ناونیشانەوە بێگومان گەلێ جار بەهۆی یەکێك لە کەرەستەکانی زمانەوە دەبێت، جا بەهۆی وشەیەك، زاراوەیەك، گرێیەك، دەربڕینێك و ڕستەیەکەوە ئەنجام دەدرێت، هەندێکجاریش دەقی ئەدەبی بێ ناونیشانە و هیچ کەرەستەیەك لەمانە لە ناونیشانەکە بەدی ناکرێن، گەر لەم ناونیشانە (مرۆڤی هەزران) ورد بینەوە یەکسەر بیرکردنەوە و تێگەیشتنمان بۆ ئەوە دەچێت کە خودی مرۆڤ بە کاڵا کراوە، یان مرۆڤ بە شت کراوە، واتە بەکاڵاکردنی مرۆڤ، یان بەشتکردنی مرۆڤ، ئەمەش پرسیار و گومانەکان چڕ و ئاڵۆز دەکەن ئایا مرۆڤ شایەن و شایستەی ئەمەیە بە کاڵا و شت بکرێت، وەك هەر کاڵا و شتێك نرخی بۆ دابنرێت؟ گەر نرخ و بەهاش بۆ مرۆڤ دانرا دەبێت مەعنەوی بێت، یان مادی؟ گەر نرخ و بەهای بۆ دانرا دەبێت هەرزان و بێ ئەرزش بێت، یان سەلار و سەنگین ؟

**گرنگی و بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە هەولێکە بۆ ناساندنی یەکێك لە بابەتە گرنگەگانی ئەمرۆی مرۆڤایەتی، ئەویش بایەتی ئەندێشەی زانستییە لە نێو ژانری ڕۆماندا، کە ئەمڕۆ تەواوی مرۆڤایەتی گرتۆتەو، تەنانەت هەندێکجار بەزیان بەسەر مرۆڤدا شکاوەتەوە، بۆیە ئێمەش دەمانەوێت بەم هەوڵەمان ئاوڕێك لەم لە چەمکی ئەندێشە و خەیاڵکردن بدەینەوە کە نووسەر بە وردیی باسیکردووە لە نێو ڕۆمانەکەیدا.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکەمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕاستە لە بواری ئەکادیمیدا بەشێوەیەکی گشتی کار لەسەر ڕۆمان بە تایبەتیش لەسەر (خەیاڵی زانستی) کراوە، بەڵام ئێمەش بە پێویستمان زانی بۆ پەیبردن بە خودی خەیاڵی زانستی و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانی ناوبراودا، لە ڕێی ئەم لێکۆڵینەوەیە بیخەینەڕوو.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە**: لێکۆڵینەوەکەمان پەیوەستە بە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیرەویمان لە میتۆدی وەسفی شیکاریی کردووە ئەمەش بە مەبەستی قووڵبوونەوە و تێرامان و شیکارکردنی سەرجەم ئەو ئەندێشە زانستیانەی نووسەر باسی لێوەکردوون، لە هەمان کاتدا ئەم میتۆدە هاوکار و یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ پەیبردن بە نهێنی و مەبەستی سەرەکی نووسەر لەبەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکان.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە**: وەك لە ناونیشانەکە ئاماژەی پێکراوە و جێگیرکراوە ، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سنووری (ڕۆمانی مرۆڤی هەرزان)ی گۆران سەباح دایە و لێی دەرنەچووین.

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە**: بەمەبەستی چڕکردنەوە و کورتبڕی باسەکەمان دابەشکردووەتە سەر چەند تەوەرەیەکی سەرەکی، بە جۆرێك، لە پێشەکی و چەند تەوەرەیەك پێکدێت. کە تیایدا باس لە

1- پێناسەکردنێکی وردی ئەندێشەی زانستی دەکەین.

2- هاوشان لەگەڵ باسکردنی مەترسیەکانی پێشکەوتنە زانستییەکان لەسەر ژیان و ژینگەی مرۆڤ.

3- پاشان ڕۆمانی ناوبراو پراکتیزە دەکەین و باس لە چەندین دەرد و نەخۆشی ئێستای مرۆڤایەتی دەکەین کە لەنێو ڕۆمانەکەدا ڕەنگیداوەتەوە.

4- لەگەڵ باسکردنی پرسی داهێنان و نوێگەری کە ئێستای مرۆڤایەتی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە.،

5- ئینجا باس لەو ململانێی و ڕووبەڕووبوانەوانە دەکەین کە لەنێوان بوونەوەری بایۆلۆژیی و تەکنەلۆژییدا هەیە و لە ڕۆمانی مرۆڤی هەرزاندا ڕەنگیداوەتەوە.

**1-1 لەبارەی ڕۆمانی "مرۆڤی هەرزان" و ڕەنگدانەوەی بابەت و ناوەڕۆکی دەقەکە لە ناونیشانەکەیدا.**

مرۆڤ شایەنی ئەوەیە لە چەق و ناوەند و بکەر و بڕیاردەر لە بارەی کاڵا و شتەکان گەلێك دیاردەی دەوروبەری بکرێتە بوونەوەرێکی لاوەکی و پەراوێزخراو و بەرکار و بڕیار لە سەردراو؟ ئایا ئەوانە کێن و چین چارەنووسی مرۆڤ بەرەو ئەم ئاقارە نادیارە دەبەن و ڕۆژ بەڕۆژ تەنگژە و پشێوی زێتری لێ دەکەوێتەوە و مرۆڤ پەژموردە و ژاکاوتر دەبێت. ئایا خودی مرۆڤ تێوگلاوە لەبەرامبەر ئەو ناهەقیەی کە هەیە؟ یان خراپیی سیستەمی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیە؟ یان خراپ تێگەیشتنە لە پرس و وەڕسە لە ئاینییەکان و نەناسینی خودایە ؟ یان هزر و ئامرازەکانی پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیا وایانکردووە مرۆڤ پەراوێز بخرێت؟ یان پەیوەستە بە چاوبرسێتی سیستەمی ئابووری و سەرمایەدارییەوە؟ یاخود مرۆڤ بەهۆی بینینی ڕووکەشییانە و نەبوونی دنیابینی بۆ پرسیار و گومان و تێرامانەکانی فەلسەفە دووچاری ئەم چارەنووسە بووە؟ ئەمانە و چەندین پرس و مەسەلە و بابەتی تر لە ڕۆمانەکە ڕەنگیانداوەتەوە و بەستراونەتەوە بەناونیشانەکەوە، لە هەمانکاتدا ڕووداو و دنیابینی کارەکتەر و گرێچین و بیرۆکە و زمان و وێنە و ئەندێشەی ڕۆمانەکەن. ئەوەی پەیوەستیش بێت بە ڕەنگی بەرگی ڕۆمانەکە و وێنەی سەر پەرگەکەی دەتوانین بەو شێوەیە خوێندنەوە و ڕاڤەی بۆ بکەین و چڕ بکەینەوە: ڕەنگی بەرگی ڕۆمانە بە (شین) خۆی دەنوێنێت، ئاشکراشە ڕەنگی شین لە مەسەلەی سروشت نزیکمان دەکاتەوە بەتایبەتی شین چوونەوەی ئاسمان و دەریا و زەریاکان، کە یەکێکیان ڕوو لە هەڵکاشانە و ئەوەی تریان ڕووی لە داکشانە، بەڵام خودی مرۆڤ بە بینینی ئاسمان و تەنانەت دەریا و زەریاکان ئۆقرەیی و هەدادان ڕووی تێ دەکات و ئارام و ئاسوودە دەبێت و چێژ وەردەگرێت .

ئەوانە پەیوەست بوون بە ڕەنگی بەرگی ڕۆمانەکە، ئەوەی پەیوەستیشە بە وێنەیەکی چاوەڕواننەکراو و تابلۆی سەر بەرگی ڕۆمانەکە، خۆی لەسەری مرۆڤێکی ئاڵۆز و پەشۆکاو و ماندوو و جەنجاڵ دەبینێتەوە، کە جلەوی خۆی لەدەستداوە کاڵا و شتەکانی دەوروبەری تەنگیان پێ هەڵچنیووە، لە دەست ئەمانە کۆت و بەند کراوە و گیری خواردووە. کەواتە مرۆڤەکان سەرەڕای ئەمەی سروشت و دیاردە سروشتییەکان ئۆقرەیی و ئارامیی و ئاسوودەیی بۆدێنن، لە ( شینبوونەوەی بەرگی ڕۆمانەکە) بەڵام بوونەتە یان کراونەتە کۆیلەی دیاردەی نامۆ و ناسروشتی و ناجۆرییەوە، لە کاتێکدا ئەم نامۆیی و ناسروشتییە و ناجۆرییەی کە لە دەوروبەری مرۆڤەکەن گران لەسەری دەوەستێت و تێچووی زۆرە و باجی قورسە و لەبەرامبەر خۆی هەرزان و بێ ئەرزشە، لە کاتێکدا دوو شت و دیاردە سروشتیەکان ڕێك پێچەوانەی ئەوانەیە کە ئاماژەمان پێکردن، لە کاتێکدا خودی مرۆڤ لەم ڕۆژگارەدا وای لێهاتووە چێژ لەو نامۆیی و ناسرووشتییە و ناجۆرییە دەبینێت کە زۆر لەسەری دەکەوێت، بەڵام ناتوانێت چێژ لەو ئاشنابوونە ببینێت کە سروشت و دیاردە سروشتییەکان بە مرۆڤی دەبەخشن، ئەمانە بوونەتە مۆرك و تایبەتمەندیی بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکانی ڕۆژگاری ئێستامان، دەشێت بەشێکی زۆرتری مرۆڤەکانی ڕۆژگاری داهاتووش هێندەی تر گیرۆدە بن و بەم ئاریشانەوە سەربنێنەوە، دەستپێکردن یەکێکە لەو لایەنە هونەرییانەی چیرۆك و ڕۆمان کە گرنگییەکەی چی کەمتر نییە لە لایەنە هونەرییەکانی تر، خوێنەر کاتێك ناونیشانی دەقێکی ئەدەبی دەبڕێت ڕاستەوخۆ و یەکسەر دەپرژێتە سەر لایەنی دەستپێکردن، ئیتر لەم وێستگە گرنگەی دەقەوە دەکەوێتە سۆراغی وردەکارییەکانی دەقەکەوە، دەستپێکردنێك و ڕەنگدانەوەی ناونیشان و لایەنەکانی تری دەق نەبێت ئەستەمە خۆی وەك لایەنێکی هونەریی دەق بنوێنێت، کەواتە دەستپێکردن بە یەکێك لەو لایەنە هونەرییانەی دەقی ئەدەبی دادەنرێت کە دەبێتە خاڵی یەکترکێشکردنی ناونیشان بۆ زۆربەی لایەنەکانی تری دەق، ئەمەش بەمر پێیەی چەندێتی و چۆنیەتی هونەرییوونی دەقی ئەدەبی لە دەستپێکردنەوە هەنگاو دەنێت بەرەو قووڵاییەکانی دەق. (دەستپێکردن یەکێکە لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەو دەقە ئەدەبیانەی کە گوتاری گێڕانەوییان بەسەردا زاڵە، زۆربەی جار خوێنەر لەو خاڵەوە هۆگری دەقەکە دەبێت ، یان هەر لەو خاڵەوە دەقەکە تورە دەدات). ( وصفی، 2015 ، 39).

لە ڕۆمانی ( مرۆڤی هەرزان )یش، ڕۆماننووس بە شێوەیەکی هونەرییانە دەستپێکردنی چیرۆکەکانی نێو ڕۆمانەکەی پیشان دەدات، کە دەستپێکردنەکە ڕەنگدانەوەی ناونیشان و لایەنەکانی تری دەقەکەیە. (مرۆڤ دەبارێت...هەر بیست خوولەك جارێك مرۆڤێك لە باڵەخانەیەکی هەوربڕ خۆی هەڵدەدات. هەندێکیان دەکەونە سەر ئەو شەقامەی بیست و چوار سعات جمەی دێ. هەندێکیشیان دەکەونە سەر مرۆڤ و ئۆتۆمبێلی تر، جەنجاڵی دروست دەکەن. زۆربەیان بەردەنرێ فڕیو دەکەون، هەرزەکان لەگەڵ خۆیاندا

بەزەویدا دەدەن) (سەباح، 2021، 5) . گەر تا دوێنێ بیر و ئەندێشە و زانینی مرۆڤە بلیمەتەکان لە خزمەتی فڕین و داهێنان بووە لە پێناوی مرۆڤدا، واتە بەرزبوونەوەی مرۆڤەکان و گەڕان و پشکنین لە پێناو پەنهانییەکاندا، ئەوا ئەم وێنە و دیمەنە لە ڕۆمانی ( مرۆڤی هەرزان ) قەڵپ دەبێتەوە، بە چەشنێك لەباتی ئەوەی مرۆڤەکان بیر و ئەندێشەی فڕین مێشکیان داگیر بکات، بیر و ئەندێشەی دابارین تەنگیان پێ هەڵدەچنێت، ئاشکرایە دابارین بە واتا بەرفراوەنەکەی بریتییە لە کەوتنەخوارەوە، نائومێدی و ڕەشبینی، پەککەوتن، خۆکوژی و گیانلەدەستدان... هتد، ئاشکرایە زۆربەی ئەو دابارینەی پەیوەندییان بە دیاردەکانی سروشتەوە کەم تا زۆر مایەی چاکە و فەڕو دروستیین بۆ مرۆڤایەتی و بونەوەرانی تر، بەڵام لێرەدا ئەندێشە و بیری داباریني مرۆڤ بە مەرگی مرۆڤ و مایەپووچبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کۆتایی دێت. ئەمەش بەو واتایەی کە تا دوێنێ ئەندێشەی زانستی و ئامەزندی مرۆڤەکان ئارەزووی ئەوەیان نەکرد خەون بە فڕین بینین لە پێناوی ژیان و ژیانەوەی مرۆڤ، ئەوا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بیر و ئەندێشەی بەشێك لە مرۆڤەکان ئارەزووی زوو بەرەوپیرەوەچوونی داڕزان و مەرگ دەکات .

### 2-1 پێناسەی ئەندیشە و پێگەی شوێن لە ڕۆمانی ئەندێشەی زانستیدا

هزر، کە ( ئەندێشە یا فکر یا برێ جار بیریشی پێ ئەوترێ، لە فەرهەنگەکان و وشەنامەکاندا وەها مانا کراوەتەوە: چالاکیی ئاگادارانەوەی زەین، یان بەرهەمی وەها چالاکییەک هەوڵی مێشک بۆ پێگەیشتن و تێگەیشن و چارەسەریی مەسەلەیەکە). (ماجد، 2018، 41). واتە پرۆسەیەک لە زەیندا کە ڕێگە دەدات مرۆڤ دەوروبەری لێک بداتەوە و بە پێی ئارەزوو و ئامانج و پلانەکانی، خۆی لەگەڵ بارودۆخدا پێک بهێنی. یەکێك لەو بابەتە هەستیارانەی ئەمڕۆیان بریتییە لە مەسەلە و بابەتی گەشت، گەڕان، دۆزینەوە، تاقیکردنەوەی شوێنی تاقینەکراوە...هتد ئەم بابەتە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لە ئەدەبی ئەندێشەی زانستییدا هەیە. ئەمەش لێرەدا تێگەمان بۆ شوێن و شوێنەکان گۆڕانی ڕیشەیی بە جوانی خۆیدا دەهێنێت، جا چ شوێنەکان واقیعی بن، یان شوێنی ئەدەبی بن. لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان) دا تێگە بۆ شوێن وەردەچەرخێت و شوێن سەر لە نوێ خۆی پێناسە دەکاتەوە، وەك بابەتێکی سواو خۆی پیشان نادات، شوێنێك خۆی دەناسێنێت، کە هاوکوفە لەگەڵ ئەندێشە زانستیەکاندا، کە ئەگەری زۆریان هەیە لە ئاییندەدا ببنە شوێنێکی کەتواری لە سەردەم و ڕۆژگارەکەی خۆیاندا، بێگومان ئەمەش ڕەگوڕیشەیەکی قووڵ و مێژوویی هەیە وەك چۆن شوێنگەلێکی ئەفسانەیی لە دەقە ئەدەبییەکان بوونە شوێنی کەتواری، بەتایبەت لە دەقە ئەفسانە ئامێزەکان بەهەمان شێوە ئەو شوێنانەی ئەندێشەی زانستی پێشبینیان دەکات، ئەگەری زۆرە بێنە دی، کەواتە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بابەت هەمەلایەنەکانی ژیان لە دەقە ئەدەبییەکان بەپێی سەردەم و ژانرەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەڵام ئەم گۆڕانە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە پەیوەندی لە نێوانیاندا دەپچڕێت. (ئەدەبی ئەندێشەی زانستی ڕەگی لە ئەفسانە و داستانەکان دایە بەتایبەتی، لە هێڵە گشتییەکانیشدا ئەدەبی ئەندێشەی زانستی پەیوەستە بە ئەدەبی دەوڵەمەندی فۆلکۆرەوە). (سلامە، 2010 ، 11). ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)یش وەك بەرهەمێکی ئەدەبی لە دووتوێی ئەدەبی ئەندێشەی زانستیدا، شوێنێك دەخاتە بەر دید و هزری خوێنەرەوە کە ئەم شوێنە لە ئێستادا کەرستەکانی بوون و ئامادەییان هەیە بەڵام شوێنەکە بوونی نییە، لەگەڵ ئەمەشدا بەرجەستەی دەکات و بوونی پێ دەبەخشێت. (بەندەر هەواییەکە لە ئاسمان لە سەر فڕۆکەخانەی کۆنی جەی ئێف کە نەوی بێ دینگە وەستاوە. قەبارە و بارستاییەکەی دوو هێندەی فڕۆکەخانەیەکە. هەژدە باڵی هەرەمی هەیە. بەندەری هەوایی باڵۆن گرانە، بەڵام قەد دواناکەوێت، خێراترین و ئارامترینە. پۆهمانەکان بەڕێوەی دەبەن ). (سەباح، 2021، 11 ) ئەدەبی ئەندێشەی زانستی لە ڕێی ڕۆمانێکەوە مژدەی بونیادنان و دامەزراندن و کرانەوەی بەندەری هەوایی بە گوێی خوێنەردا دەچرپێنێت، لە کاتێکدا بەندەر وەك شوێنێك تەواو بە خوێنەر ئاشنایە و مەسەلەیەکی چاوەڕوانکراوە، چونکە زۆربەمان ئاشنایەتیمان لەگەڵ ئەو خاڵ و وێستگە و شوێن و شارانەوە هەیە کە دەکەونە سەر دەریاکانەوە، بۆ مەبەستگەلی ڕامیاریی، گەشتیاری، ئابووری، سەربازیی و... هتد وەك شوێنێك بە کاردەهێنرێن، بەڵام خوێنەر نائاشنایە، یان کەمتر ئاشنایە بەندەرێکی هەوایی، کە بابەتی چاوەڕوانکراوی بۆ بگۆڕێت بۆ بابەتی چاوەڕواننەکراو، لە کاتێکدا ئەم بەندەرە هەواییە لە ڕووی پێوانەکانی قەبارە و بارستایی و خێرایی و .... هتد بێشومارە، لە هەمانکاتدا ئەم بەندەرانە هیچ کۆڵەگە و ڕاگرێکیان نییە، لە لایەن ڕۆبۆتە هەرە پێشکەوتوو و زیرەکەکانەوە کارەکانی ڕایی دەکرێت.

**3-1 مەترسیی پێشکەوتنە زانستییەکان لەسەر وڵاتانی جیهان (چەکی ناوەکیی بە نموونە).**

لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا ئاماژە و باسی زۆربەی ئەو وڵاتە و زلهێزانەی جیهان دەکرێت کە خاوەنی چەکی ئەتۆمین یان بەرهەمهێنەری ئەم چەکە کۆمەڵکوژەن، ڕاستە ئەو چەکە بە دواداجار بەرهەمی هۆشیاریی و ئارەزومەندی مرۆڤەکانە، بەڵام لە ئەنجامی بەکارهێنانی لە داهاتوودا دەبێتە مایەی وێرانکردن و سڕینەوەی چەندین وڵات، هەروەها کۆتاهاتنی ژین و ژیانی سەرجەمی بوونەوەرانە لە چەند وڵاتدا .

ئاشکرایە چەکی ئەتۆمی بەرهەمی پێشکەوتنە زانسییەکانە، بەڵام کاریگەری ئەم چەکە لە ڕۆژگار و سەردەمێکەوە بۆ ڕۆژگار و سەردەمێکی تردا گۆڕانی بەسەردادێت، بۆ نموونە گەر لە ئێستادا چەکی ئەتۆمی جۆرێك لە هاوسەنگی نێوان زلهێزەکانی جیهان و هەندێك وڵات پاراستووە و بۆتە مایەی بەرقەراری ئاشتی بەشێوەیەکی ڕێژەیی، بەڵام چەکی ئەتۆمی لە ئاییندەدا بۆی هەیە ببێتە مایەی لاسەنگیی نێوان زلهێزەکان و بەشێك لە وڵاتان، لە هەمانکاتدا هەر ئەم چەکە لە ماوەی چەند دەیەی داهاتوودا ژیان و گیان و وزەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەپرۆکێنێت و دەیهاڕێت، لە کاتێکدا بیردۆزی چەکی ئەتۆمی ڕەگوڕیشەکەی لە نێو بوار و زانستێکی وەك فیزیك داکوتاوە، خۆی لە خۆیدا لەباتی ئەوەی وزە بەهەدەر بدات، پەکە لەسەر پەیوەندیی نێوان وزە و ماددەکان و خێرایی تیشك بنیاتنراوە، کەچی چەکەکە لە داهاتوودا وزە ماددی و مەعنەوییەکانی مرۆڤ لەنێو دەبات. دەشێت بپرسین ئەو ڕووداوگەلەی کە لەنێو ئەدەبی ئەندێشەی زانستی ڕوودەدەن و دەگێڕدرێنەوە فەنتازیان، یاخود کەم تا زۆر لەگەڵ هەندێك لە بیردۆز و تیۆر و ڕێسای زانست و سروشت و مەسەلە کەتوارییەکان کۆکن؟ لە وەڵامی ئەمەدا : (ئەدەبیاتی ئەندێشەی زانستی بەوە لە فەنتازیا جیا دەکرێتەوە کە هەوڵ دەدات بەبێ بەکارهێنانی هێزی تیۆرییە زانستییەکان و یاسا سروشتیەکان ڕووداوەکان ئارستە نەکات). (مبروك، 2001، 58). لە سۆنگەی ئەمەوە لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا بە پشبەستن و بە پێشبینی و پێکرا و مەسەلە تەوارییەکان چەکی ئەتۆمی جەنگێکی مەترسیدار و سامناك بەرپا دەکات لەنێوان وڵاتانی جیهان لە داهاتوویەکدا کە ماوەکەی دووسێ داهتوو تێپەڕنەکات. (لە 2046 وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆریای باکوور جەنگان، ئەنجام : کۆریای باکوور نیوەی کۆریای باشووری کوشت، ئەمریکاش کۆریای باکووری لەسەر نەخشە سڕییەوە. دوای ئەم شەڕە ئەمریکا لە هەموو جیهان کێشایەوە و ناوی خۆی گۆڕی بۆ کۆمپانیا یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وازی لە شەڕهێنا. ڕووسیا و ئۆکرانیا و جۆرجیا یەکتریان نەهێشت. هیندستان و پاسکتان یەکتریان بە چەکی ئەتۆمی خەنی کرد) (سەباح، 2021، 23 ) کەواتە لەم ڕۆمانەدا ئاراستەی ڕووداوەکان بەهۆی ئەندێشەی زانستییەوە ئاراستەی خێراتر وەردەگرێ و بە کوڵ دێت، ئەگەر تا دوێنێ و ئەمڕۆ جەنگی سارد لەنێوان زلهێز و چەند جەمسەرێکی جیهان بووستی هەبێت دەرهاویشتەی نێو ڕووداوەکانی جەنگی سارد و پرۆسەی پڕچەککردنی بەشێك لە وڵاتان بە دیاریکراوی چەکی ئەتۆمی، ئەوا لە داهاتوودا ڕووداوەکانی نێو ئەم جەنگە ساردە وەك ئەنجامێك دەبێتە توانەوە و نەمانی بەشێك لە وڵاتان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

**4-1 لە ڕۆمانی "مرۆڤی هەرزان " پەتا و نەخۆشیی و دەردەکان تەنگ بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی هەڵدەچنن.**

لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا، بەشێکی ئەندێشەی زانستی پەیوەست کراوە بەو نەخۆشی و پەتا و دەردە قورس و کوشندانەی کە تەنگ بە سەرلەبەری مرۆڤایەتی هەڵدەچنن، وەك چۆن بەشێك کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وڵاتانی پێشکەوتوو هەمیشە لە هەڵپەی ئەوەدان ئەوەی بوونەوەرو گیانلەبەری گەردوونە داپڵۆسن و بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و هاوسەنگیی نێوان سەرلەبەری بوونەوەران بکەوێتە مەترسییەوە، ئەوە ئاواش دەشێت بەشێك لە سروشت بۆ نموونە بوونەوەرێك زۆر بە شێنەیی و شاراوەییەوە جەستە و گیانی مرۆڤ بتەنن دووچاری نەخۆشی و پەتای کوشندەی بکەن، سنوورێك بۆ ئەو هێز و دەسەڵاتە چاوچنۆکی و پڕ لە ستەمەی مرۆڤ دابنێن، هزر و دەسەڵاتی مرۆڤ تاقی بکەنەوە و گرەوەکەی لێ بەرنەوە و بیخەنە بەر گومان و پرسیارەوە. کەواتە (ئەندێشەی زانستی: ئەندێشەیەکە ئاوێتەی ڕاستی زانسییەکان و ڕووداوە پێشبینکراوەکان، لەسەر بنەمای زانیاریی پێویست لە ڕابردوو و ئێستادا و بۆچوون و ڕاڤە بۆ داهاتوودا) (قورە، 1999، 47 ). لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)یشدا بە پشتبەستن بە زانیاری و بنەمای زانستی لە ڕابردوو و ئێستادا، لە چوار بۆ پێنج دەیەی داهاتووی سەدەی بیست و یەکەمدا مێشوولەیەکی گەورە لە قەبارەی زەردەواڵەیەك ملیۆنان مرۆڤ کۆمەڵکوژ دەکات. ( ... مرۆڤ توانی 2070 چارەسەری مێشوولەی کوشندە بکات بەقەد زەنگەسۆرەیەك بوو،

مێشوولەیەكی شین و سپی و ژەهراوی یەك ملیار كەسی كوشت لە هەر 450 وڵاتی دنیادا. كۆمپانیاكە دەرمانەكەی بە تۆپەكانییەوە كردوو هەموو دنیایان ڕشاند و مێشوولەكەیان قڕكرد ....). (سەباح، 2021، 33 ) لێرەدا بە ئاشكرا ململانێ و شەڕی مرۆڤ و سروشت بەدی دەكرێت، بە چەشنێك لەمڕ ململانێ و شەڕەدا لە دواجار و مرۆڤەكە قوربانییە، چونكە مەرج نییە هەموو جارێك دەستكاریكردن و گۆڕانكاری لە سروشتدا لە بەرژەوەندیی مرۆڤدا بێت، بەڵام سیستەمی سەرمایەداری لە ئەمڕۆدا لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییە ماددەییەكانیدا گوێ بە سروشت نادات، بۆ دەسكەوتنی مادەی زێتر ئامادەیە شێوە و شێواز و كرۆك سروشت بگۆڕێت، وەك بەرهەمهێنان لە كەمترین ماوەدا و بە كەمترین تێچوو، ئەمەش وایكردووە سروشتێتی سروشت تێكبچێت و ئەمڕ خێراییە لە بەرهەمهێنان بۆ كەمترین تێچوو، بێگومان ئەنجامەكەی ڕوونە كە بە چاوەڕێی مەرجی خێرا و بڵاووبوونەوە و تەشەنەسەندنی دەرد و پەتا و نەخۆشی بە خێرایی لە بوونەوەرانی ترەوە بۆ مرۆڤ كۆتایی دێت، ئیتر بەهۆی تێكدانی ئاسایشی سروشتەوە، ئاسایشی مرۆڤایەتی دەكەوێتە ئەوپەڕی مەترسی و مەرگەوە، مرۆڤ ئەرزشێكی ئەوتۆی نامێنێت.

### 5-1 جیهانی گیان و مردووان لەنێوان ئایین و زانست و فەلسەفە و ئەدەبدا.

بەشێوەیەكی گشتی مرۆڤ و كۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەمیشە بانگەشە و جاڕ لە ئەوە دەدات كە خودی مرۆڤ پارێزەری سروشتە، سەروەری و شكۆی سروشت لە مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە، وەك دەزانین ئەمڕ بیروبۆچوون و تێڕوانینانە بێجگە لە ئەندێشەیەكی بێ بنەما هیچی تری لێ سەوز نابێت، ئاشكرایە مرۆڤ وەك بوونەوەر و گیانلەبەرانی تر بەشێكە لە سروشت، بەڵام ئەمڕ بەشێكبوونە لە سروشت لە بوونەوەرێكەوە بۆ بوونەوەرێكی تر لە هەڵكشان و داكشان دایە، بە واتایەكی تر ئەگەر سەرلەبەری بوونەوەر و گیانلەبەرانی تر پێكهێنەر و بونیادنەری بەشێكی سوودبەخش و تەواوكەر و جووڵێنەری سوڕی ژیان و بەردەوامیی سروشت بن، ئەوا پێویستە مرۆڤیش لەمڕ چوارچێوەیەدا پشكدار بێت و توانا و هۆشیارییەكانی لە پێناو شكۆی سروشتدا بخاتە گەڕ. سەرەڕای ئەمانەش سروشت و دیاردەكانی سروشت لێرە و لەوێ و لەوانەیە بە تێپەڕبوونی كات گۆڕانیان بەسەردابێت، بۆیە لە ئەدەبیاتی ئەندێشەی زانستییدا تۆماكی گۆڕانكارییەكان بەدی دەكرێن لەمڕ ڕووەوە (ئەدەبیاتی ئەندێشەی زانستی خوێنە، یاخود وەرگر ئامادە دەكات بۆ ئەوەی لە داهاتوودا دووچاری بەیەككەوتنی ئەرێنی و خراپ نەبێت لەگەڵ ئەو ڕووداوە زانستییانەی كە خەریكە بێتە دی و ببنە ڕاستیی زانستی). ( یس، 2007، 51 ) .

سەردانیكردن بۆ جیهانی مردووان لە لایەك و لە هەمانكاتدا گەڕانەوەی لەو جیهانە دەبێتە یەكێك لە ئەگەرەكانی ئەندێشەی زانستی. (... هەریەك لە بەشداران لە ناخەوە ڕادەچەڵەكێن و بایەخی زیاتری پێ دەدەن كاتێ دەڵێت: دەبێ یەكێك بنێرین بۆ جیهانی مردن و بیگەڕێنینەوە. ئیمامڕ دەڵێت: هیچ مردوویەك تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە. بێرنی دەیكاتە نوكتە، تەنیا لە فلیمەكان ئەوە ڕوودەدات یەكێك گەشت بەناو كاتدا دەكات  یان یەكێك ناسنامەی دەگۆڕێت، پاشان دەگەڕێتەوە ژیانی خۆش، یان وەك فلیمەكانی ئەڤەتار. نەخێر، ئەوە فیكشن نییە، دەبێ یەكێك بنێرین بۆ دنیای مردن، شووشە دووبارەی دەكاتەوە. سامی و بێرنی پێیان وایە ئەو بیرۆكە ناوازە هاوتەریبی شێتییە ... ). (سەباح، 2021، 47 ).

كەواتە مرۆڤ لە ڕێی ئەندێشەی زانستییەوە هەر چۆنێك بێت دەیەوێت دژەڕەوت مەلە بكات نەریت و یاسا و ڕێساكانی بگۆڕێت و بەشێكیان تێكبشكێنێت و سەر لە نوێ بونیادیان بنێتەوە، لێرەدا مەسەلە و بابەتی سەردانیكردنی بۆ جیهانی مردووان و گەڕانەوە لەگەڵ دۆخی زانستی و ڕاستیدا دژبەر و دژیەكە، بەڵام پرسیار و گومان و نەزانراو بوونیان هەیە لەگەڵ هەلومەرجی زانستی و ڕاستی لە داهاتوودا. ئەمەش بەو پێودانگەی كە ئەدەبیاتی ئەندێشەی زانستی دەشێت وەڵامی زۆربەی ئەو شت و دیاردانە بداتەوە كە هێشتا لە ئارادا نین و ڕوویان نەداوە، هەر بیركردنەوە و تێڕوانین و بۆچوونێك لە دووتوێی ئەندێشەی زانستییدا بە لادان لە شت و دیاردە پیشبینكراوەكان لە قەڵەمڕ نادرێت .

ئاشكرایە پرس و بابەت و مەسەلەیەكی هەستیاری وەك مردن و زیندووبوونەوە پەیوەستە بە گەلێك بوار و زانستەوە وەك ئایین و فەلسەفە و زانست و... هتد، بێگومان لەمڕ نێوەندەشدا دنیای ئەدەب و پانتایی دەقە ئەدەبییەكان هەمدیس لێدوان و باس و خواس و تێڕوانین و لێكدانەوەیان بۆ مردن و زیندووبوونەوە هەیە لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا وەك دەقێكی ئەدەبی بەهۆی ئەندێشەی زانستییەوە مردن و زیندووبوونەوە گوتارێكی زانستییانەی وەرگرتووە، وەك ئەوەی گوتارێكی ئایینی و فەلسەفی لەخۆ بگرێت.

بێگومان مردن هەمیشه ئەو هەستەمان پێشان دەدات كه چیتر ناتوانین لێره بەردەوام بین، بەڵام دەشێت لەوێ و له شوێنێكی تر و به چەشنێكی تر بەردوام بین له ژیان، ئەمر نەتوانینەمان له مانەوه بەردەوامیبوون له ژیان خۆی له خۆیدا لەدەستدانی واتاكانی ژیانه، بۆ ئەوەی واتاكانی ژیان بگێڕینەوه و بەدەستی بێنینەوه ئامێز بۆ ژیانێكی تر دەكەینەوه، ئەویش لەو ساتەوه دەستپێدەكات كه مردن دەمانپێچێتەوه، له قەرەبووی لەدەستدانی ئەمر ژیانه گیرۆدەی ژیانێكی تر دەبین. كاتێك دەمرین ئەگەری زیندووبوونەوەمان هەیه؟ یان هەر به مردوویی دەمێنینەوه؟ مردن له بارودۆخێكی كاتییەوه دەبێته بارودۆخێكی ڕەها و هەمیشەیی؟ ئەمانه و پرسیار و گومان و وردبوونەوه و قووڵبوونەوه له ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا بەرجەسته كراون. (وێڕای ئامێری لەرەی دڵ پێویستیان به دوو ئامێری هەستیار هەیه بۆ گواستنەوەی وێنه و هەست یەكیان بەكەلێنجەوه دەنووسێنرێت و، ئەوی تر هەروەها له ڕێگەی بلووتووسی ئارگ هەردوو هەستیار دەبەسترێن لبەڤیسگار هۆلۆ ئارگ، بەمر تەكنیكه دەتوانن ئەوەی مردووەكه دەیبینێ و هەستی پێ دەكات، ئەوانیش ببینین و هەستی پێ بكەن، توێژەرەكه واز ناهێنێت، دەڵێ تا ئێستا هیچ شتێكیان لەسەر كەلێنجه تاقی نەكردووەتەوه، دەپرسێت بۆ ئەو ئێسكه). (سەباح، 2021، 55 ) له وردەكارییەكانی ئەمر پەرەگرافی ڕۆمانه ڕاستییه زانستییەكان لەنێوان دنیای زانست و ئەدەبدا تێكچڕژاون، به چەشنێك گەر له دووتوێی ڕۆمانێكدا نەبێت ئەمر پەرەگرافه، نەك دەقێكی ئەدەبی خوێندنەوەی بۆ ناكرێت بەڵكوو دەخرێته فاڵچی دەقی زانسییەوه. بۆ ئەمر مەبەسته (هەندێك له ڕەخنەگر و توێژەران ئەندێشەی زانستی به ژانرێكی ئەدەبی دانانێن، بیانوو و بەڵگەشیان بۆ ئەمه ئەوەیه گەشه و چەكەرەی ئەمر جۆره باس و خواس و بابەتانه له بارودۆخ و هەلومەرجێكی توێژینەوەی زانستی سەرچاوەی گرتووه). (شوقی، 2013، 68). كەواته گوتاری ئەدەبی پانتاییەكی بەرفراوان دەگرێتەوه، له توانای دایه گەلێك له بوار و زانسته جیاجیاكان لەخۆیدا كۆ بكاتەوه و مۆركێكی ئەدەبیبوونیان پێ بەخشێت. له هەمانكاتدا ئەوەی له دووتوێی ئەمر پەرەگرافی ڕۆمانەدا بەدی دەكەین جەخت له (دڵ و مێشك و كلێنجه) كراوەتەوه، ئەمر جەختكردنەوه لەمر سێیانه بەناوەندكردن و چەقكردنی زانسته له بەرامبەر ئەمەدا (گیان)، گرنگی پێ نەدراوه و هەڵوەستەی لەسەر نەكراوه، له كاتێكدا (گیان – ڕۆح ) له هەموو ئاینەكاندا گرنگی و بایەخی تایبەتی پێ دراوه، هەموویان لەمەدا یەكانگیرن كه ئەوەی پەیوەسته به ئەندامەكانی لەشی مرۆڤەوه دووچاری داڕزێن و لەنێوچوون دەبێتەوه، ئەوەی به زیندوویی دەمێنێتەوه تەنیا (گیان – ڕۆح)ە، بەڵام (گیان = ڕۆح) بەلای زاناكانی زیندەزانیەوه وەك نەبوو وایه، پێیان وایه له بنەڕەتدا بوونی نییه. هەر لەمر چوارچێوەیەدا ئێسكێكی بچووكی وەك (كلێنجه) دەبێته خاڵی یەكتربەستنەوەی زانست به ئاینەوه، تاقیكردنەوه زانستییەكان ئەوەیان سەلماندووه ئێسكی كلێنجه سەرەڕای بچووكیەكەی، بەرگەی كاریگەرییەكانی تیشك و پاڵەپەستۆ و گەرمی و پەستان دەگرێت، به چەشنێك ئەمر كاریگەرییانه چەند زێتر بن كار ناكاته سەرئەمر ئێسكه، ئێسكەكه به نەگۆڕاوی و وەك خۆی دەمێنێتەوه، ئەمەش ئەوه پشتڕاست دەكاتەوه مرۆڤ دوای مردن زیندووه بێتەوه، چونكه هەموو ئەندامەكانی لەشی مرۆڤ شی دەبنەوه و نامێنن، بەڵام كلێنجه وەك خۆی دەمێنێتەوه، بەپێی ئاینی ئیسلام و له دووتوێی ئایەتێكی خوای گەورەدا له سوڕەتی كەهفدا دەفەرموێت. وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ فَأَصۡبَحَ هَشِيمٗا تَذۡرُوهُ ٱلرِّيَٰحُۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ مُّقۡتَدِرًا (قورئانی پیرۆز، كەهف، ئایەتی 45). ئەی (موحەممەد(صلى الله علیه وسلم)) بێنەرەوه بۆ ئەو (بڕ باوەڕ) انه نموونەی ژیانی دنیا كه وەك بارانێك وایه له ئاسمانەوه دەیبارینین ئەوسا جۆرەها ڕواوی زەویی (پێ دەڕوێ و) دەڕۆن بەناو یەكدا ئینجا دەبێته پوش و پەڵاش و با پرش و بڵاوی دەكاتەوه وه خوا هەمیشه بەتوانا و دەسەڵات داره بەسەر هەموو شتێكدا. یان دەفەرموێت: كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَكُنتُمْ أَمْوَاتًا فَأَحْيَاكُمْ ۖ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (قورئانی پیرۆز، سوڕەتی بەقەره، ئایەتی 28). ئێوه چۆن كوفر دەكەن به خوایەك له كاتێكدا ئێوەی له نەبوونەوه هێناوەته بوون، پاشان ئەتان مرێنێتەوه و له ڕۆژی دواییدا دووباره زیندووتان دەكاتەوه.

### 2- پرسی زانین و داهێنان له ڕۆمانی "مرۆڤی هەرزان"ــدا.

له ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا ئەندێشەی زانستی ڕێگا و زەمینه بۆ چەندین داهێنان دەسازێنێت، ئاشكراشه داهێنانەكان له هەر بوار و بابەتێكدا بێت پەیوەسته به ژیانی مرۆڤەوه، مرۆڤ تا ژیان و بوون و بەردەوامی هەبێت دەستبەرداری داهێنانەكانی نابێت. مرۆڤ بەرهەمهێنەری مەعریفەیه، ئەمر مەعریفەیەش دەبێته پاڵنەر و هۆكارێكی سەرەكی بۆ ئەوەی كارلێك لەگەڵ سروشت و

دەوروبەری خۆی بکات. بێگومان داهێنانەکانیش ئەو کاتە ئەرزشیان دەبێت کە ببنە وەڵامدەرەوەی پێویستیەکانی مرۆڤ و پرۆسەی گەشەپێدان و پێشکەوتن برەو پێبدات. پێڕەو و بەرنامەی عەقڵی مرۆڤ لە ڕێی کنە و ئارێشەی هەنوکەیی دەبێت بۆ بەرفراوانبوونی ئاسۆیەکی ڕوونتر. لە هەمانکاتدا داهێنانەکانی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان دەبێت بەسەر مەسەلە و پرسی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگەوە، بەروودان بە گەشەپێدانی مرۆیی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و تایبەتمەندێتی و خاوەندارێتی کەسایەتی... هتد. بۆیە داهێنانەکانی مرۆڤ سەرچاوەکەیان بۆ ئەندێشەکانیان دەگەڕێتەوە، ئەمەش بەو واتایەی ئەندێشەکان داهێنەر و بونیادنەری مەعریفە و داهێنانەکانن .

بۆ ئەو مەبەستە (ئەندێشەکان ڕەنگدانەوەیان دەبێت بەسەر مەعریفەوە، مەعریفەش ئەو کاتە گرنگییەکەی زێتر بەدیار دەکەوێت کە ژینگەی لەباریان بۆ بڕەوخسێنرێت بۆ ئەوەی پەرەیان پێ بدرێت. ئەلبێرت ئەنیشتاین دەڵێت: ئەندێشە لە مەعریفە گرنگترە، بە ئەندێشە دەتوانین داهاتوو بونیاد بنێین. (مصطفى، 2009، 81 ). ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی کە ئەدەبی ئەندێشەی زانستی هەمیشە پەیوەستە بە بوونی جووڵە و بزاوت و گەشەکردنی کۆمەڵگاوە. لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا داهێنان وادەکات مرۆڤ بە دەر و دوور لە کەسێتییە ڕاستەقینەکەی خۆی، ئارەزووی ئەمە دەکات کەسێتیەکی میتافۆریی هەبێت، زێتر خۆی بە کەسێتیی دووەمەوە و بناسێنێت و هەڵسوکەوت و مامەڵە و ڕەفتار بکات. لە (بەرنامەی ڤێکسێکیس شتێکی نوێیە، دوێنی دامان بەزاند. لەو ڕێگەیە خەڵك دەتوانن ژیانێکی تر بژین، کەسایەتیەکی تر بن، وەك ژیانی ڕاستەقینە زەواجیش بکەن و سێکیش بکەن. چەندی لێ فرۆشراوە؟ تا ئێستا پێنج ملیار کەس بەکاری دێنن. هێندەی نابات هەموو کەس کۆپییەکی خودی خۆی دەبێت، لە یەك کاتدا دوو ژیان دەژی) (سەباح، 2021، 69 )  لێرەدا مرۆڤ بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار و سەردەمەکان نایەوێت ڕاز و پەنهانەکانی بە ئاسانی ئاشکرا بکات، لە بەرامبەر ئەمەدا مەبەستیەتی لە ڕێی بەشێك لە داهێنانەکانییەوە ڕاز و پەنهانەکانی سەفت و دژوارتر بکات. لە لایەکی ترەوە مرۆڤ بوونەوەرێکە بە دوو تایی، یان دووتاگەریی (دوالیزم) ناسراوە، هەروەها ئەم دوالیزمەی ئەوا و پێخۆشە، بەڵام خودی مرۆڤە خۆی هەست بە ڕێژەی ئەم دوالیزمبوونە دەکات؟ یان ئەوە بەرامبەرەکانیەتی هەست بە ڕێژەی دوالیزمبوونی دەکەن؟ بێگومان مرۆڤێك بەرامبەر مرۆڤێکی تر هەست بە ڕێژەیەکی بەرزی ئەم دوالیزمبوونە دەکات، بەڵام خودی مرۆڤەکە هێندە هەست بەم دوالیزمبوونەی خۆی ناکات، ڕۆژگار و سەردەمی ئەمڕۆی مرۆڤەکان بە کۆمەڵێك بەرژەوەندی بەستراوەتەوە، بۆیە مرۆڤ لە ڕێی ئەم دوالیزمبوونەوە ئامانجیەتی زۆرترین بەرژەوەندییەکان گل بداتەوە، بێگومان هەڵکێشانی ڕێژەی دوالیزمبوونی مرۆڤیش، داکشانیەتی لە میهرەبان و هەنگاو بە هەنگاو نزیکبوونەوەیەتی لە ستەمگەریی. مرۆڤ چەند گرنگە، ئاکامی مرۆڤبوونەکەی هێندەی تر گرنگە، مەرجیش نییە هەموو جارێك داهێنانەکانی مرۆڤ، سەرلەبەری ئەنجامەکەی ئەرێنی و باشە بێت بۆ خودی مرۆڤەکە.

### 1.2 پەنهانبوونی ئاسمانەکان و بۆشایی ئاسمانیی و بونەوەرە ئاسمانییەکان لەدووتوێی ڕۆمانی ئەندێشەی زانستیدا.

ڕێك بۆ ماوەی شەش دەیەیە زانست و بە دیاریکراوی بۆشاییگەرناسی ئەوەی ئاشکرا کرد بۆ یەکەمجار مرۆڤێك، پسپۆڕێك، زانایەك چووە بۆشایی ئاسمانەوە، ئەو کەسەش (یووری گاگارین)ی ڕووسی بوو، بێگمان ئەمە سەرکێشییەك بوو کە مرۆڤەکان کردیان و ئەم سەرکێشیەش لای قوربانیدانی مرۆڤەکان تێپەڕنەبوو و ئەنجامی نەبوو، دواتر ئەنجامی ئەم قوربانیدانەی مرۆڤ بووە ڕاستییەکی زانستی، سەلماندنی ئەم ڕاستییە زانستییەش بە وێنەگرتنی چەند وێنە و دیمەنێکی بۆشایی ئاسمان بوو، ئیتر لەمە بەدواوە بۆشایی ئاسمان دەبێتە چەقی ململانێی زلهێزەکان، زلهێزەکان هەر ئەوەندە نەوەستان، بەڵکوو بۆشایی ئاسمانیان کردە شوێنی مانۆڕی سەربازی و سەربازگە. لە لایەکی ترەوە لەسەر ئاستی تاکیش ملیاردێرەکانی لە کێبڕکێی ئەمەدان کامەیان لە بۆشایی ئاسمان دەستی گیر دەبێت و لەوێوە درێژە بە سەرمایەداری و ململانێیە بازرگانییەکان دەدەن. بۆ ئەم مەبەستە ئاسمانەکان و بۆشایی ئاسمان دەبنە تەوەری سەرەکی چیرۆك و ڕۆمانی ئەندێشەی زانستی. (ئەدەبی ئەندێشەی زانستی زێتر بەوە دەناسرێتەوە چوارچێوەی سەر زەوی دەترازێنێت، پەیوەست دەبێت بە بەشێکی باوەڕنەکراوی گەردوون، یاخود هەسارەیەك، یان چەند هەسارەیەك دەبێتە شانۆی ڕووداوەکان . (شريف، 1997، 127). لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)یشیدا پرس و بابەتێکی هەستیاری وەك بۆشایی ئاسمان تیشکی خراوەتەسەر، بەڵام لەم ڕۆمانەدا بە شێوازێکی ستوونییانە، نەوەك ئاسۆییانە بۆشایی ئاسمان تیشکی

خراوەتەسەر، تەنانەت باسکردن لە بۆشایی ئاسمان تاڕادەیەك لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕابردوو ناکۆکە، تاڕادەیەك ڕۆمانەکە لەگەڵ ئەو ڕووداوانە کۆکە کە دەشێت لە داهاتوودا ڕووبدەن. (مێتال بە ئاسمانێکی پەمەیی کاڵدا دەفڕێت، سیمای زاناکان و قورمانە، لە نێوان باوەڕ و گوماندان. مێتال بە خێراییەکی نەپێوراو دەفرێت. ڕووناکییەك کە لە ناو وێنەکە دادەپۆشێت، ئەندامانی تیم ناچارن ئارگیان داکەنن. ئەوەتان دوو بونەوەری بەشەوق پیلی مێتالیان گرتووە سەر، دوو بسك و شان و دەستیان هەیە. هەر دەستێکیان یازدە پەنجەیە. شانیان بە باڵی ڕەنگاو ڕەنگ داپۆشراوە، ئیمام وادەزانێت ئەمانە فریشتەن، زانا پێیان وایە پاسەوانی هەرسارەکانی ترن ... پێویستیان یاقووتە، هێندە گەشن دەتوانن ڕووناکی خۆر ببەزێنن) (سەباح، 2021، 76-77 ) کەواتە لەم ڕۆمانەدا کە سەر بە ئەندێشەی زانستییە، کارەکتەرەکان زێتر لە ئاسمان و بۆشاییی ئاسمان جووڵە دەکەن و چالاکی دەنوێنن، بێگومان ئەمەش جیاوازییەکی زەق ڕۆمانێکی ئەندێشەی ئەدەبییە لەگەڵ ڕۆمانێکی ئەندێشەی زانستی، ئەو دەقە ئەدەبیانەی سەرلەبەریان بریتییە لە ئەندێشەی ئەدەبی،ئەگەری ڕوونەدانی ڕووداوەکان لە ئارادایە، بەڵام ئەو دەقە ئەدەبییانەی کە گیانی ئەندێشەی زانستییان بەسەردا زاڵە ئەگەری ڕوودانی ڕووداوەکان لە ئارادایە و ئەگەرەکان نزیك دەبنەوە لە ڕاستیەکی زانستی حاشاهەڵنەگر.

کاتێك لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا پرس و بابەتی ئاسمان و بۆشایی ئاسمان وەك ئەندێشەیەکی زانستی و دواتر وەك ڕاستییەکی زانستی دەخرێتە ڕوو لە دوای ئەمەوە بوونەوەرە ئاسمانییەکان دەبنە مایەی لێوردبوونەوە و تێڕامان، ئەمەش لە ڕوانگەی سەرهەڵدانی چەندین پرسیار و گومان وەك: ئایا بوونەوەران هەر پەیوەستن بە هەسارەیەکی وەکو زەوییەوە؟ یاخود هەسارەکانی تریش وەکو زەوی بەشێکیان بوونەوەریان تێدا بەدی دەکرێت؟ ئایا ئەو هەلومەرجەی بۆ هەسارەی زەوی ڕەخساوە لە بوونی ئاو و بەرگەهەوا و پلەی گەرمی و...هتد هەلومەرجی لەمشێوەیە و هاوشێوەی ئەمانە لە هەسارەکانی تر بەدی دەکرێن؟

لە ڕووی چەمکی کاتەوە بوونەوەرە ئاسمانییەکان بە بەراوردی ئێمە لە ڕابردوودا دەژین؟ یاخود لە داهاتوودا؟ تێڕوانینی زانست و ئایین بۆ بوونەوەرە ئاسمانییەکان چییە لە ڕووی بوون و نەبوونیانەوە؟ ئێمەی مرۆڤ وەك بوونەوەرێك هەست بە بزربوونی بوونەوەرە ئاسمانییەکان دەکەین؟

مرۆڤەکان زیرەکترن لە بوونەوەر ئاسمانییەکان؟ یان ئەوان لە ئێمە زیرەکترن؟ مرۆڤ لە لای بوونەوەرە ئاسمانییەکان ڕاز و پەنهانە؟ یاخود بوونەوەرە ئاسمانییەکان لای ئێمە ڕاز و پەنهانن؟ بوونەوەرە ئاسمانییەکان ڕاستی و دروستیان هەیە؟ یاخود پڕوپاگەندەیەکە بۆشاییی ئاسمان و بوونەوەرە ئاسمانییەکان بوونەتە سەکۆی شانۆی وڵاتانی زلهێز؟ هەموو ئەم پرسیار و گومانانە لە بارەی بوونەوەرە ئاسمانییەکانەوە بوونیان هەیە، بەشێك لەم پرسیار و گومانانە بەهۆی ئەندێشەی زانستییەوە لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا لە داهاتوویەکی نزیکدا وەك ڕاستیەکی زانستی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. لە دواجاردا(ئەندێشەی زانستی بریتییە لە ئاشتبوونەوەیەك لەنێوان ئەدەب و زانستدا، کە زۆربەی ئاراستەکان بەو شێوازە کاریان کردووە کە جیاوازی نێوانیان قووڵ بکەنەوە تا ڕادەی لە یەکترترازان و پەیوەستنەبوو بەیەکەوە، لە کاتێکدا لە دووتوێی ئەدەبی ئەندێشەی زانستیدا لەڕێی ئەندێشەوە وەڵامی بەشێك لەو پێشکەوتنانەی زانست و تەکنەلۆژیا دەدرێتەوە). (عساقلە، 2013، 63). کەواتە ئەندێشە پردی بەیەکترگەیشتنی نێوان ئەدەب و زانستە و ئەدەبی ئەندێشەیی زانستیش بە ئەستووندەکی سەرەکی ئەم پردە دادەنرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا پەیوەندی نێوان مرۆڤ و بوونەوەرە ئاسمانییەکان بەدی دەکەین (نامەیەکی کانگۆییەکان دەبینێت، نامەکە چەند خوولەکێك کۆنە و دەڵێ مردنی سێتال تاقی بکەنەوە... لە پڕ تێکەڵەیەك دەنگی بوونەوەرگەل لە نووزە دەبێتە بزەبز، پاشان لووراندن، پاشان نەڕاندن) ((سەباح، 2021، 88 ) ئەم بوونەوەرانە گەلێکجار بە بوونەوەری هۆشمەندیش ناویان دێت، چ زانست وەك تیۆر و تاقیکردنەوە بوونیان دەسەلمێنێت، چ ئایین وەك پەڕجوویەك بوونیان پشتڕاست دەکاتەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆزە (ومن اياته خلق السماوات والارض وما بث فيهما من دابة وهو على جمعهم اذا يشاء قدير). (قورئانی پیرۆز، سورەتی شوری، ئایەتی ٢٩). واتە: لە نیشانە و بەڵگەکانی گەورەیی و دەسەڵاتی خودا دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و ئەو زیندەوەرانەیە کە تیایاندا بڵاوی کردۆتەوە) لەگەڵ ئەوەی ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆزمان بە نیشانە و بەڵگەی بوونەوەرە ئاسمانییەکان هێناوە، ئاراستەیەکی تر هەر لە نێو ئاییندا پێی وایە بوونەوەرە ئاسمانییکان نین و بە ئاشکرا نکۆڵی لە بوونیان دەکەن،

ئەم ئاراستەیەی دەڵێن: بوونەوەرە ئاسمانییەکان بوونیان نییە، لە بەرامبەر ئەمەدا ناوی فریشتەکان دێنن، کەواتە لە بوونی فریشتەکاندا، بە ڕەهایی بوونی بوونەوەرە ئاسمانییەکان ڕەت دەکرێتەوە.

### 2.2لە ڕۆمانی "مرۆڤی هەرزان" ئۆتۆمبێلی بارگاویکراو بە کارەبا دەبێتە شوێنگرەوەی ئۆتۆمبێلی ئاسایی.

لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا ئۆتۆمبێلی ئەلیکترۆنی لە داهاتوویەکی نزیکدا لە ماوەی دوو تا سێ دەیەی تر دەبێتە شوێنگرەوەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی ئێستاکە بەشێکیان کارەباییە، بەشەکەی تریان میکانیکییە، ئۆتۆمبێلی ئەلیکترۆنی بەوە دەناسرێتەوە بۆ بەگەڕخستنی بزوێنەرەکەی هێزی کارەبایی بەکار دەهێنرێت و میکانیکەکە هێزی کەمترە، ئەو میکانیکە هێزەش بەهۆی ئەو هێزە کارەباییەوە چالاك دەبێت، لەپاڵ ئەمەشدا لەباتی بەکارهێنانی سووتەمەنی لە بەگەڕخستنی، بەهۆی هێزی کارەباییەوە بارگاوی دەکرێت، ئەم جۆرەی ئۆتۆمبێلانەش لە ئێستادا خواستێکی زۆریان لەسەرە و لە وڵاتانی پێشکەوتوو و ڕۆژبەرۆژ ژمارە و بەکارهێنەرانیان زیاد دەکات.

ئەوەی پەیوەست بێت بە ئۆتۆمبێلی ئەلیکترۆنییەوە لە هەندێك لەم ئۆتۆمبێلانەدا بازدانی شوێن بەدی دەکرێت، ئەمەش بەو واتایەی کە بەشێکیان لەپاڵ ئەوەی بەهێزی کارەبایی کار دەکەن، توانای ئەمەشیان وەك فڕۆکەی بچووك بۆ ماوەی دەیەها مەتر لە زەوی بەرز ببێتەوە لە ژێرەوەی ئاسمان و ئاسماندا بفڕن. بۆ ئەو مەبەستە لە (ئەدەبی ئەندێشەیی زانستیدا چەمکی گواستنەوەی دەستبەجێ دێتە ئاراوە، ئەمەش بەو واتایەی گواستنەوە و تێپەڕبوونە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بەبێ گوێدانە بۆشایی فیزیکی نێوان ئەم دوو شوێنە، هەر لە گواستنەوەی دەستبەجێدا شوێنەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، جا ئەم گۆڕانکارییە هەمووەکی بێت، یان بەشەکی. (جمعاوی، 2014، 112). کەواتە چەمکی شوێن تەنانەت کاتیش لە ئەدەبی ئەندێشەی زانستی لە هەندێك هەلومەرجدا جیاوازی نێوانیان دەبێتە ئاسمان و ڕێسمان، هەروەك لە چەمکی گواستنەوەی دەستبەجێدا ئاماژەی پێکراوە بۆشاییە فیزیکییەکە کورت و خێرا دەبێت.

لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا ئۆتۆمبێلی کارەبایی وەکو ئۆتۆمبێلە ئاساییەکان پێکدادانیان هەیە و دەبنە مایەی زیانگەیاندن بە مرۆڤ و تەنانەت مایەی مەرگیش.

(یەك لە بوونەوەرەکان تابلێتێك بە سامی پیشان نەدات. کلیپێك لە ژیانی لێدەدەنەوە. سامی لە نەخۆشخانەیەك، تێیدا دایکی میتال داخل کراوە، دێتەدەرەوە. کلیپەکە ڕووداوی دایکی مێتال دەگێڕێتەوە. ئۆتۆمبێلێکی ئەلیکترۆنی لەبەردەم کتێبخانەی گشتیی نیویۆرك لێی دەدات و دەکەوێتە نەخۆشیخانە...). (سەباح، 2021، 101 ) کەواتە لەم چەشنە ئۆتۆمبێلەدا گۆڕانکاری ڕیشەیی دەبینین و لە چۆنیەتی بەگەڕخستنی ئەم ئۆتۆمبێلەدا بە دیاریکراوی ئەوەی پەیوەست بێت بە وزەوە، واتە گۆڕانکاریی سووتەمەنییە وزە بۆ کارەبا وزەکەی ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی کە ئەم ئۆتۆمبێلە بە دۆستی ژینگە ناسراوە و لە هەمانکاتدا ئەمەش هۆکارێکە بۆ کەمخەرجی بۆ بەکارهێنەرەکەی .

### 3.2ململانێی نێوان بونەوەری بایۆلۆژیی و بونەوەری تەکنۆلۆژیی لە ڕۆمانی "مرۆڤی هەرزان"ــدا.

دەشێت خوێنەر لە دووتوێی ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان) و تەنانەت ئەدەبی ئەندێشە، زانستیشدا پرسیاری ئەمە بکات بەشێك لەم داهێنراوانە بۆ ئێستا و لە سەردەمی لووتکەی پێشکەوتنی پیشەسازییە جۆربەجۆرەکانی چ گرنگیی و بایەخێکی هەیە؟ لە کاتێکدا هەریەك لەم پێشکەوتنانە بوونەتە ڕاستیی زانستی و بە ئاشکرا و ئاسانی هەستیان پێ دەکەین.

لە دووتوێی ئەم ڕۆمانەدا کاتێك تیشك خراوەتە سەر پێشکەوتنێکی زانستی، یاخود بەرجەستەکردنی ئەندێشەیەکی زانستی، ڕۆماننووس کاری بۆ ئەوە کردووە کە بەریەککەوتنی ئەرێنی و نەرێنی ئەم پێشکەوتن و ڕاستییە زانستییانە و ئەندێشە زانستییانە پیشان بدات لەگەڵ مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە داهاتوویەکی نزیکدا، کە ئەم داهاتووە نزیکە لە سێ چوار دەیەی تر تێپەڕ ناکات، بێگومان ئەم پێشکەوتنانە دەسەڵات و هەژموونی وڵاتانی زلهێز و خاوەنی پیشەسازی گەورە ڕاگیر و زاڵتر دەکات بەسەر سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە.

لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا ململانێ لە نێو دەقی ئەدەبیی بە دیاریکراوی ژانری ڕۆماندا گۆڕانکاری و وەرچەرخانی بەسەرداهاتووە، بە چەشنێك مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی بایلۆژی دەکەوێتە ململانێوە لەگەڵ بوونەوەرێکی دەستکرد کە بە بوونەوەری تەکنەلۆژی لە ڕۆمانەکەدا ناوی هاتووە، لەم دۆخەدا تا ڕادەیەك مرۆڤ سارد دەبێتەوە لەگەڵ مرۆڤێك ململانێ بکات یاخود لەگەڵ سروشت و دیاردەکانی سروشت ململانێ بکات، لێرەدا مرۆڤ دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ دروستکراو و دەستکردەکانی خۆی، هەندێك لەم دروستکراوانە سوود و کەڵکیان بۆ مرۆڤەکان دەبێت و هەندێکی تریشیان زیانیان بۆی دەبێت، ئەمەش بەوپێیەی پەرەسەندن و پێشکەوتنی بواری تەکنەلۆژیای (بوونەوەری تەکنۆلۆژی) مەترسییەکی بکوژن لەسەرداهاتوو و چارەنووسی مرۆڤایەتی، هەروەها ئەم بوونەوەرانە مەترسییەکی ڕاستەقینەن لەسەر توخمی مرۆڤ، هەڕەشە لە مرۆڤبوونی دەکەن، چونکە ئەم بوونەوەرە تەکنۆژییانە توانای ئەمەیان هەیە ببنە شوێنگرەوەی ئەرك و جووڵە و چالاکی و فەرمانەکانی مرۆڤ، بێگومان بوونی ئەم بوونەوەرە تەکنەلۆژییانە وایکردووە مرۆڤ بە شێوەیەکی کتوپڕ و خێرا و سەرنجڕاکێش لە زۆربەی کەرتەکان و بوار و پسپۆڕییەکانی ژیان پاشەکشە بکات، لەباتی ئەوەی ئەم بوونەوەرانە ببنە شوێنکەوتووی مرۆڤ، مرۆڤی بۆتە شوێنکەوتووی بەشێك لە بوونەوەرە تەکنەلۆژییەکان، ئیتر لێرەوە مرۆڤ و مرۆڤبوون بە شێوەیەکی گشتی بەهایەکی ئەوتۆی سەنگینی نەماوە و زۆربەی جوانییەکانی لە دەستداوە.

کەواتە ڕۆمانی ئەندێشەی زانستی: (ئەو ڕۆمانانەن کە تیشك دەخەنە سەر دۆزینەوە و داهێنان و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان کە تا ئێستا سەریان هەڵنەداوە، یاخود خەریکە سەر هەڵدەدەن، ڕۆڵی ئەم ڕۆمانانە بەرچاوڕوونی و ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە لە بارەی ئەو دیاردە و ڕووداوانەی کە دەشێت لە ئاییندەدا ڕوو بدەن). (العبد، 2004، 76).

**4.2 سەنگی ئاوەز و کردەی بیرکردنەوە لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا** بۆیە لە دووتوێی ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا، دەشێت بوونەوەری تەکنۆلۆژی لە گەلێك ڕوو و لایەن و بوارەوە ببنە شوێنگرەوەی مرۆڤەکان، لە هەمانکاتدا ئەم بوونەوەرە تەکنۆلۆژییانە دەبنە لایەنێکی کەتواریی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەبێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. (لە سەعات دووی ڕێکە سێ بوونەوەری تەکنەلۆژیی شووشەیی، لە هۆڵی کۆبوونەوە، لەگەڵ سێ مرۆڤ لە دەوری مێزێکی شووشەیی خڕدا کۆ بوونەوە. بوونەوەری تەکنەلۆژی خۆیان تەکنەلۆژیان و لە شووشە دروست کراون. ئەندامی زاوزێ، میزو پیسایيان نییە. کرداری سێکسییان هەماهەنگی هزرییە، بۆ وەچەخستنەوە نا، بۆ چێژ. شیری مەڕتاکە خۆراکیانە. مەڕ تاکە ئاژەڵە لەسەر هەسارەی کانگۆلۆکا. هەر کانگۆیەك ڕۆژانە نیو لیتر دەخواتەوە نە کەمتر نە زێتر. ژمارەیان تەنێ سێ ملیۆنە، زیاد و کەم ناکەن، مردن و نەخۆشییان نییە، یەك قەبارە و بەژن: 48 کیلۆ، مەتر و نیو. تەمەن و منداڵ لای ئەوان وجودیان نییە. ئەندامی لەشیان دایسە و دێنە گۆڕین. هەر ئەندامێك سێ سپێری هەیە. بۆ نموونە، گەردەستی یەکێکیان بشکێت، لێی دەکەنەوە وسپێری دەخەنە سەر.) (سەباح، 2021، 144 ) دەبێت بپرسین ( کالۆگیەکان ) کێن؟ هەروەها (کانگۆلۆکا) چییە؟ ڕۆماننووس لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێت: کانگۆ خەڵکی سەر هەسارەی کانگۆلۆکانە، ئەوەی پەیوەستیش بێت بە کانگۆلۆکا، هەسارەیەکە  شەش هەزار ساڵی ڕووناکی لە زەوییەوە دوورە، لە کاتێکدا یەك ساڵی ساڵی ڕووناکی : 9.5 تریلیۆن کیلۆمەتر، بەم پێوەدانگانە بێت ئەندێشەی زانستی لە ئاییندەیەکی نزیکدا ڕێخۆشکەرە بۆ بوونەوەری تر کە ململانێی مرۆڤەکان دەکەن، لە هەمانکاتیشدا هەسارەی تر دەدۆزرێنەوە لەپاڵ بوونی هەسارەکانی تر .

دەشێت بپرسین مرۆڤ خاوەنی ئەقڵە؟ یان ئەوە ئەقڵە خاوەنی مرۆڤە؟ ئەقڵ دەیەوێت لە گەلیك ڕووەوە مرۆڤ جلە و بکات و ئاراستەی بکات، یاخود ئێمەی مرۆڤ دەتوانین ئەقڵ بوەستێنین لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا؟ یاخود ئەوە دەتوانێت بمانوەستێنێت لە گەلێك جووڵە و چالاکی و هەڵسوکەوتدا؟ بیروبیرۆکەکان هەموویان لە مێشکماندا ئامادەبوونیان هەیە؟ یاخود ئەم بیرو بیرۆکانە وەڵامدەرەوەی کاریگەری و کارتێکەرە دەرەکییەکانن؟ لەم دۆخانەدا و دۆخی هاوشێوە و چەشنی وەکو ئەمانە دەتوانین ئەقڵ وەك ئامێرێك وێنا بکەین و مرۆڤەکە ئاراستە دەکات؟ یان خودی مرۆڤەکە ئامێرێکە ئەقڵ ئاراستەی دەکات؟ لە ئێستا و داهاتوودا داهێنراوێك دەتوانێت  وەك ئەقڵ بێت و مرۆ جلەو بکات؟ یاخود داهێنراوێك، ئامێرێك بێتە ئاراوە تواناکانی لە سەرووی ئەقڵەوە بن؟ ئەم پرسیارانە و پرسیارگەلی تر لە دووتوێی ئەدەبی ئەندێشەی زانستییدا بوونیان هەیە، هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا بەشێکیان ڕەنگیان داوەتەوە. ئێمەی مرۆڤ دەست بۆ زۆر شت و بابەت دەبەین، بەڵام لەگەڵ سروشتی ئێمەدا

یەكناگرێتەوە، یان ڕاستر بڵێین: بەشێك لە مرۆڤەكان زۆر شتیان لە مرۆڤەكان دەوێت ویستیان یەكناگرێتەوە، بۆیە ئەمەش وایكردووە مرۆڤ لەگەڵ سروشتی خۆی بكەوێتە ململانێ و جەنگەوە، لە ئەنجامدا ئەوەی پێشكەشی دەكەین و دەریدەبڕین هەندێكجار تەواو ناكۆكە بە سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ و هەر ئەوە وایكردووە مرۆڤ لە سەردەمی پێشكەوتنی تەكنۆلۆژی و بەریەككەوتنی بەرژەوەندییەكاندا ڕاڤەی نادروست و ناتەواو و ناڕاست بۆ ڕووداو و شت و دیاردەكان بكات، خۆی لە كرۆكی ڕاستییەكان بشارێتەوە پەنا بۆ درۆ و درۆكردن. بۆیە لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا داهێنراوێك دێتە ئاراوە كە توانای ئەوەی هەیە ئاست و ڕێژەی درۆ و ڕاستییەكان پیشان بدات و لەیەكتر هەڵاوێردیان بكات، لە هەماكاتدا درۆ و ڕاستییەكان تەنیا هەر پەیوەست نین بە بوونەوەرێكی وەك مرۆڤەوە، بەڵكوو درۆ و ڕاستی زۆرێك لە بوونەوەران بەرجەستەیە. (دیگ درۆ هەڵگەنەیە، ئامێرێكە ناخی مرۆڤ دەخوێنێتەوە. شتێكی شووشەیی بچووك هێندەی پەنجەیەكە، ئامێرەكە لە ڕێگەی دەنگ و ترپەی دڵ و تەزووەكانی مێشك ڕاستیی ناخی مرۆڤ كەشف دەكات، ئامێرەكە بەسۆفتوێری ئارگ دەلكێنرێت، لە ڕێگەی ئایكۆنی تەلەفۆنەوە پێوەندی دەكرێت بە مرۆڤەكە و سۆفتوێری دەنگ لە ڕێگەی شەپۆلی ئەلیكترۆنییەوە دەچێتە ناو مرۆڤەكە و كاری خۆی دەكات). ( سەباح، 2021، 149 ).

**5.2 ئافراندنی گەردوون و بیردۆزی "تەقینەوە گەورەكە" لە ڕۆمانی "مرۆڤی هەرزان"ــدا**

هەر لە دووتوێی مەسەلەی درۆ و ڕاستی لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا مرۆڤەكان لەنێوان هەردوو بەرداشتی سروشتی مرۆڤبوون و ناسروشتی مرۆڤبوونیان دۆش داماون، ناڕاستی و درۆیەكان بۆتە دیاردەیەكی زەقی ژیان و گوزەرانیان، لە هەمانكاتدا هەر ئەم سیفەتە خراپە و چەندین سیفەتی خراپی تر وایانكردووە مرۆڤ وەك بوونەوەرێك خۆی بۆ یەكلا نەبێتەوە لایەكی لەنێو چاكەدا دەبێت و لایەكەی تری لەنێو خراپەدا بێت، لەم نێوەندەشدا (دیگ) وەك ئامێرێك، داهێنراوێكی سەردەمی پێشكەوتنی تەكنۆلۆژی بەدیار دەكەوێت بۆ دەستنیشانكردنی درۆ و ڕاستییەكانە كەواتە (دیگ) ئامێرێكە بۆ پشكنینی ڕاستی و درۆ. لە دواجاردا ئەم ئامێرە بە دەست ئەو هەموو درۆ زۆرەی مرۆڤەكانەوە گیرۆدە دەبێت، كاتێك بەهۆی ئەم ئامێرەوە پشكنین بۆ مرۆڤەكان دەكرێت زۆربەی زۆریان درۆزن دەردەچن، ئەم ئامێرە و ئەوانەی چاودێری ئەم ئامێرە دەكەن بە حەسرەتی ئەوەن دۆخێكی ڕاستی دەستنیشان بكەن، ئەوەی هەیە ناڕاستی و درۆیە بۆتە دیاردەیەكی باوی نێو كۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

بیردۆزی (تەقینەوە گەورەكە) كە تیشك دەخاتە سەر چۆنیەتی دروستبوونی گەردوون وەك ڕاستییەكی سەلمێنراو و زانست مامەڵەی دەكات، بەپێی بەشێكی ئەم بیردۆزە گەردوون لە یەك خاڵی بچووكەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم خاڵە دووچاری تەقینەوەیەكی گەورە و بەهێز بۆتەوە لە ئەنجامدا گەردوون دروست بووە، لەكاتێكدا چڕی و بڕی وزەی ئەو خاڵە ئەوەندە زۆر و بەهێزبووە كە بەبیر و لێكدانەوە و تێگەیشتنی مرۆڤ ئەستەمە مەزەندە بكرێت، لە ئەنجامی ئەمەدا دەبێت تێگەیشتن و پێناسەمان بۆ گەردوون چی بێت؟

گەردوو بریتییە لە سەرتاپای كات و بۆشایی ئاسمان بە هەموو ماددە و وزەكانییەوە بە ئەستێرە و هەسارە فرە چەشن و قەبارە جیاوازەكانەوە. (بەپێی ڕێژەی گشتی ئانیشتاین كات و شوێن پێش ئەو تەقینەوە نەبووە و ناتوانرێت مەزەندەش بكرێت، گەردیلەكانی هایدرۆجین و هیلیۆم لە دوای تەقینەوە گەورەكەوە سەریانهەڵداوە و دروست بوون، دوای ئەم بارودۆخە گەردوون بەرەو فراوانبوون و ساردبوونەوە هەنگاوی ناوە، بەپێی بیردۆزی تەقینەوە گەورەكە كە ئێستا هەموو زانایانی بواری فیزیك و گەردوون لەسەری هاوڕان، هەموو گەردوون كە دەكاتە كات و شوێن، یان هەموو شتێك كە دەیبینین و مەزەندەی دەكەین لە تەقینەوەی ئەو خاڵەوە سازێندراوە. (سعید، 2006، 23).

**6.2تەكنۆلۆژیا و پێشكەوتنە زانستییەكان نەمریی بە كۆمەڵگای مرۆڤایەتیی دەبەخشن؟ یان دەبنە مایەی كاولكاری سروشت و لەنێوچوونی كۆمەڵگای مرۆڤایەتیی؟**

كەواتە بەپێی ئەم بیردۆزە گەردوون لە بچووكی و گەرمییەوە بۆ فراوانبوون و ساردبوونەوە هەنگاوی ناوە و دروست بووە، چونكە خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت: {أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ}. (قورئانی پیرۆز، سورەتی ئەنبیا، ئایەتی 30). واتە واتە: ئایا كافر و خوانەناسان نابینن و

بۆیان ڕوون نەبووەتەوە کە ئاسمانەکان و زەوی یەکپارچە بوون و لەوەودوا لێکمان جیاکردنەوە؟ بەڵام تێکچوون و نەمانی سیستەمی گەردوون توانی ئەم وێنەیەی پێشوو ئاوەژوو بکاتەوە ئەویش بە دابەزینی پلەکانی گەرمی و دواتر لە بەرفراوانبوونیەوە بۆ بچووکبوونەوەی. لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا بەهۆی ئەندێشەی زانستییەوە وێنای تێکچوون و نەمانی گەردوون یەکێکە لە ئەگەرەکان (تەقینەوەکی گەورە ڕۆژ لە ڕۆژئاوا هەڵدێت. چەند بەرزتر دەبێتەوە هێندە گەورەتر دەبێت. کاتێ دەگاتە تاقی ئاسمانی دەڵێی شاخێکە. خەلك دەتۆقن و ڕادەکەن، نازانن چ باسە، دەنگێکی گەورە و تریشقەئاسا لە سکرینەکان وا لە زاناکان دەکەن ئارگیان دانێن. دەنگەکە هێند ناخۆش و گەورەیە گوێ کەڕ دەکات، ئافرەت بەری داوێت، سەر سپی دەکات، هیچ شتێك و هێزێك خۆی لەبەر ڕاناگیرێت). (سەباح، 2021، 159 ) ئەوەی لەڕێی ئەندێشەی زانستییەوە لەم پەرەگرافەی ڕۆمانەوە بەدی دەکەین تێکچوون و نەمانی گەردوون ڕەهەندێکی قووڵی ئایینی و زانستی هەیە، بێگومان ئەوانەی لەم پەرەگرافی ڕۆمانەدا ئاماژەیان پێکراوە و تیشکیان خراوەتە سەر لە ڕەهەندە ئایینیەکەوە بریتین لە بەدیارکەوتن و سەرهەڵدانی نیشانەکانی ڕۆژی دوایی، کە دەقی ئایینی لە ئایەت و فەرموودەی پیرۆز پشتڕاستییان کردۆتەوە. ئەوەی پەیوەستیش بە ڕەهەندە کانستییەکەوە وەك چۆن بیردۆزی (تەقینەوە گەورەکە) گەردوونی سازاندووە، لە بەرامبەر و پێچەوانەی ئەمەدا بۆ کاتی تێکچوون و نەمانی سیستەمی گەردووونیدا، بیردۆزی (چوونەوەیەکە گەورەکە) لە چوارچێوەی زانستدا و بە پشتڕاستکردنەوەی دەقە ئایینییەکان بوونی هەیە، کە بیردۆزی (چوونەوەیەکە گەورەکە) دان بەوەدا دەنێت لە ئەنجامی داکشانێکی زۆری پلەی و لە دەستدان و نەمانی ڕووناکی و لە ئەنجامی ئەمانەشدا نەمانی وزە کۆی سیستەمی گەردوون تێکدەچێت و گەردوون دەپێچرێتەوە.

ئاشکرایە وەك چۆن مرۆڤ لە پێناوی خۆیدا و بۆ دیهێنانی بەرژەوەندییەکانی دەستی هەبووە لە ئاوەدانکردنەوەی زەوی و تەنانەت هەندێك شوێنیش کە لە پێشتردا خەون بووە، هەر ئەو مرۆڤەش بەپێی زانیاری و لێکۆڵینەوەکان دەستی دەبێت لە وێرانکردنی زەوی و نەمانی ژیانی و گوزەرانی، بێگومان بەشێکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەشێك لە مرۆڤەکان یاخود وڵاتانی پێشکەوتوو زێدە ڕۆییەکی زۆر دەکەن لە ئەنجامدانی کار و چالاکی لەسەر زەوی، ئەم زێدەڕۆییە زۆرەش دەبێتە مایەی تێکدانی هاوسەنگیی زەوی و لە ئەنجامیشدا هەر بە مەرگی مرۆڤەکان کۆتایی دێت. ئەم دەستدرێژییەی مرۆڤ بۆ زەوی و دیاردەکانی سروشت هەر بە زیانی خۆی کۆتایی نایەت، بەڵکوو زۆرتر بوونەوەر و گیانلەبەرانی تر دووچاری دەبنەوە، ئاشکرایە ئەو دەستبردنەی مرۆڤ بۆ هەموو کەلێن و قوژبنەکانی سروشت وای کردووە چەندین بوونەوەر و گیانلەبەر بە هۆکاری دەستکردی مرۆڤەکان نەوەك خۆڕسکی دووچاری لەنێوچوون ببنەوە. بەشێك لە مرۆڤەکان بەناوی پێشکەوتن و بونیادنانەوە و شارستانێتی دارستانەکان دەربڕنەوە، بەشێکی تریان پەلەوەر و باڵندە کێوییەکان پەراگەندە دەکەن، بەشەکەی تریان ئاژەڵە کێوییەکان کۆمەڵکوژ دەکات، بەشێکیشیان ڕێڕەوی سەرچاوەی ئاوییەکان بەلاڕێدا دەبەن... هتد، ئەمانە و چەندانی تر کارو چالاکی مرۆڤەکانن، کە لە ئەنجامدا هەر ئەو بوونەوەر و گیانلەبەرانە قوربانی نین، بەڵکوو مرۆڤ دەبێتە قوربانیی گەورەکە، بە چەشنێك (بەشێك لە مرۆڤەکان وەك داگیرکەرێکی دڕندە ڕەفتار دەکەن، بەشێکی ئەم گەردوونە پان و بەرینە بە داگیرکەری خۆیان دەزانن، بوونەوەرانیش بە داگیرکراو. ئەم هۆشیارییەی مرۆڤ بە ناوی پێشکەوتن و ئاوەدانییەوە لە جیاتی ئەوەی ئومێدەواریی بەردەوام بەرهەم بێنێت، نائومێدی بەرهەم دێنێت). (عبدالنور، 2001، 68).

### 7.2.پەیوەندی ئایین و زانست و ئەندێشەی زانستیی لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)ــدا لەنێوان بەریەککەوتن؟! یان قووڵبوونەوە؟!

لەمەوە بۆمان بەدیار دەکەوێت ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی دەچنە چوارچێوەی ئەدەبی ئەندێشەی زانستییەوە، مەرج نییە هەموو جارێك ئاماژە و باسی پێشهات و ڕووداوێك بکات کە لە بەرژەوەندی مرۆڤەکان تەواو بن، بەڵکوو هەندێکجار ئەدەبی ئەندێشەی زانستی ئاگادارکردنەوە و مەترسییە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. بۆیە لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا ئاماژە و باسی سەر لەنوێ زیندووکردنەوە و چاندنەوەی تۆڕی مرۆڤایەتییە، دوای ئەوەی چارەنووسی مرۆڤایەتی تەواو نزیك دەبێتەوە لە نەمان. (ئێستا پێنج باڵی تریان ماوە. باڵی یەکەم ناسراوە بە زەویی سەوز، بڕبڕەی پشتی زەوی بڵندە، جووتیار دانەوێڵە دەڕوێنن و مەڕ و ماڵات بەخێو دەکەن. باڵی دووەم ئاو بۆ هەموو ڕەوی بڵند بەرهەم دێنێت. باڵی سێیەم و چوارەم و شەشەم بیست هەزار یەکەی

نیشتەجێبوونی لێیە، هەر خانووێك خێزانێكی سێ كەسی تێدا دەژی. هەر باڵەی شارێكی بچووكە، هەموو شتێكی تێدایە، خەڵكی دوور لە تەكنەلۆژیا دەژین. ئەم پڕۆژەیە بۆ گەڕاندنەوەی مرۆڤە بۆ سەرەتا، پێشبینی ئەوە دەكرێت مرۆڤ ڕۆژێك لەناو بچێت، ئەمانەی ئێرە تۆوی مرۆڤایەتی زیندوو دەكەنەوە) (سەباح، 2021، 172).

كەواتە لەڕێی ئەندێشەی زانستی ئەم ڕۆمانەوە لەنێوچوونی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی یەكێكە لە ئەگەرە بەهێزەكان، چونكە بێگمان گەیشتن بە ترۆپك نەك بۆ مرۆڤ بۆ هەموو دیاردە و شت و بوونەوەرەكان شوێنكاتێكی هەمیشەیی نییە و سیفەتێكی ڕەهایی نییە، ئەم گەیشتن بە ترۆپكە بێگومان داكشانی بەدوا دێت، لەنێوچوونی خودی مرۆڤ وەك بوونەوەرێك و گیانلەبەر و بوونەوەرانی تر لە ئەستۆی مرۆڤە، مرۆڤ زیاد لە پێویست زەوی و گیانلەبەر و بوونەوەر و دیاردە سروشتییەكان لە بەرژەوەندی خۆی بەكاردێنێت بە چەشنێك ئەو ئاستە بەكارهێنانی بەرنامە و پێڕەو و سیستەمی زیندەگی بەرەو لەنێوچوون دەبات، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت لە هەموو شوێنكاتێكدا لە بەرامبەر ئەم ئاستە بەرزەی بەكارهێنانی گیانلەبەر و بوونەوەر و دیاردە سروشتییەكان، ئەمانە بێدەنگی و بێدەسەڵاتی بەرامبەر بە مرۆڤ هەڵبژێرن، بەڵكوو شوێنكاتی ڕابردوو ئەوەی سەلماندووە لافاوێك بەسە بۆ ئەوەی بەشێكی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەنێو ببات، زریان و ڕەشەبایەك بەسە بۆ ئەوەی بەشێكی تری كۆمەڵگای مرۆڤایەتی بپێچێتەوە، پۆلە باڵندەیەك بەسە بۆ ئەوەی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی كۆمەڵكوژ بكات.

لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا پەیوەندی نێوان ئایین و زانست و ئەندێشەی زانستی وەك پەیوەندییەكی ئاڵۆز و تێكچڕژاو بەدیار دەكەوێت، بە چەشنێك لە هەندێك مەسەلە و بابەت و بوارانە تەواو بە یەكتر ناكۆكن و لە یەكتر دەترازێن، بەڵام لە هەندێكی تریان ئەم پەیوەندییە بەرەو قووڵبوونەوە هەنگاو دەنێت و خوێنەر وا هەست دەكات یەكێكیان یان دووانیان شوێنكەوتە و لەبەرگیراوەی ئەویتریانە. لەم ڕووەوە ئاشكرایە چەندین دید و بۆچوون و تێڕوانین و دەقی ئایینی تەواو ناكۆك و ناتەبایە لەگەڵ دەقی ئەدەبی و تەنانەت لەگەڵ زانست و بنەمای زانستیش، بەڵام مەرج نییە لە هەموو دۆخ و هەلومەرجێك ئەم دید و بۆچوون و تێڕوانینە ڕاست و دروست بێت، بۆیە بە تێگەیشتنی ئێمە هەندێكجار دەقی ئایینی دەبنە بناغە و بنەمای سەرەكی بۆ زەمینەسازی و هاتنەئاراوەی دەقی ئەدەبی و تەنانەت ڕاستییە زانستییەكانیش. بۆیە لە هەندێك پەرەگرافی ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان) بەشێك لە ڕاستییە زانستییەكان و ئەندێشەی زانستی لە دووتوێی ئەدەبدا بارگاوییە بە دەمی ئایینییەوە، ئەگەر بە خودی دەقە ئایینیەكەوەش بارگاوی نەبێت بە ڕاڤە و لێكدانەوە و لێكدانەوەسازیی دەقە ئایینیەكە تەواو بارگاوییە، بێگومان ئەم مەسەلە و پرس و بابەتەش تەنێ پەیوەست نییە بە ئەدەبێكی نەتەوەیی دیاریكراو و شوێنكاتێكەوە، بەڵكوو ئەم دیاردەیە لەنێو ئەدەبیاتی جیهانی و شوێنكاتی جیاوازەوە بوونی هەیە. (ئەی ڕووحە باش و پڕ ئاشتییەكە وەرە دەرەوە بۆ فڕین. سەربەرزانە وەرە دەرەوە، واز لە كەلەشێی پووچ بێنە. ڕووبەری هەزار باڵ سێ جار ئەمە دووبارە دەكاتەوە. ڕوومەكە سوودی لێیە لە دەمی شووشە دێتە دەرەوە. كە لەشی ئارەقاوی و لەرزیو یەكسەر و شك دەبێت. چاوەكانی هەرلە ڕوومەكەیە  داوای گەڕانەوەی دەكات. ڕووبەر دەستی دەگرێتەوە و ڕووحەكە دەچێتە ناوی. لەم ساتەدا،  سەتان بوونەوەری باڵداری تر  قەبارە و ڕەنگجیاواز، وێنە سەیرانی  بۆنی مسكی ڕوونەكە هێندە خۆشە، بوونەوەرەكان یەك یەك دەستاودەستی دەكەن، تێر نابن لە بۆنكردنی ڕوومبەر خەنی دەبێت و باڵەكانی دەشەخێنێت و فڕەیەك بەرزەوی داڵی دەدات، دەڵێی هەواڵی ڕوومكێشانەكە دەوەشێنێت). (سەباح، 2021، 180 ) ئەمەی لەم پەرەگرافە ڕووبەڕووی خوێنەر دەبێتەوە ئەگەر لە ڕواڵەت لێڕوانین بریتیە لە كەش و سرووشتێكی ئایینی یان مەسەلەی گیان و گیانكێشانەوە كە ئەمەندەی بە ئایین و ئایناسییەوە پەیوەستە بە بابەت و بواری ترەوە پەیوەست نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بە وردی لێی بڕوانین ئایین و زانست و ئەندێشەی زانستی ئاوێتەی یەكترن، هەریەك لەم بابەت و بوارە جیاجیایانە بەهۆی هەست و نەستی ئەدیب و ئەندێشەی بەرزەفڕی ئەدەب گوزارشتیان لێ كراوە.

لە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)دا جیاواز لە چەندین دەقی ئەدەبی تر و ژانری ئەدەبی تر ڕۆماننووس لە كۆتایی دەقەكەیدا، چەندان وشە و زاراوە و دەستەواژەی لێكداوەتەوە و واتاكانی دەستنیشان كردوون، چونكە بەشێكی زۆر لەم وشە و زاراوە و دەستەواژانە تەواو نامۆ و نائاشنان بە خوێنەرەوە، هەندێك لەمانە پەیوەستن بە ئەندێشەی ڕۆماننووسەوە، هەندێكی تریان ڕەگوڕیشەی

زانستییان هەیە، لەپاڵ ئەمانەدا ئێمە وەك توێژەر توانیومانە سوود لە یەکە بە یەکەی ئەم وشە و زاراوە و دەستەواژانە وەربگرین بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوە و ڕاڤەی دەقەکە.

## ئەنجامەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکەمان گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- ڕۆمانی مرۆڤی هەرزان ڕۆمانێکی زانستی ئەندێشەییە. نووسەر پێناسەی ئەو پارچە زانستیانە دەکات، کە بەشێکیان نوێن بۆ مێشکی خوێنەر وەکو زیرەکی دەستکرد، چەکی ئەتۆم، ئوتۆمبێلی بارگاوی و بەشێکیشیان لە ئێستادا هەن.

2- مرۆڤی هەرزان هەوڵێکە بۆ دانانی بناغەی زمانێکی تایبەت بە ئەندێشە و زانست کە جیای بکاتەوە لە ژانرەکانی تری ڕۆمان. تەکنیکی گێڕانەوەکە کەسی سێیەمی سنووردارە کە ئاستەمترین تەکنیکە لە نووسینی ڕۆماندا.

3- (مرۆڤی هەرزان) فرە شوێنە: بۆشایی ئاسمان، هەولێر، نیویۆرک، پاریس، تاران، چەندان شوێنی تر. کارەکتەرەی سەرەکیی (مرۆڤی هەرزان) گەنجن، لە نێوان ١٤-٢٠ ساڵی دان، ئەمەش ڕۆمانەکە دەکاتە (گەنجی تازە پێگەیشتوو).

4- "مرۆڤی هەرزان" یەکەم ڕۆمانی ئەدەبی هاوچەرخی کوردیە، کە باس ئەندیشەی زانستیی بکات، ئەمەش ئەوە ناگەیوێنێت لە چوارچێوەی ژانرە ئەدەبیەکانی تری کوردی بەرهەمی خەیاڵی زانستی نەبێت.

5- مرۆڤی هەرزان" لێوانلێوە لە داهێنان، هەجوی سیاسی و هۆشیاریی ئیکۆلۆژی. ڕۆمانەکە ئاستێکی نێودەوڵەتی هەیە و چێژ و ڕۆشنایی بە خوێنەر دەبەخشێت، لەسەر بنیاتی فەلسەفە، ئایین و کولتور هەوڵ دەدات گەورەترین پرسیارەکانی ژیان وەڵام بداتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### بەزمانی کوردی

### کتێب

- قورئانی پیرۆز


- سەباح، گۆران (2021)، مرۆڤی هەرزان، دەزگای نووسیار، چاپی سێیەم، هەولێر.

-مەردۆخ ڕۆحانی, ماجد .(2018) فەرهەنگی زانستگای کوردستان .سنە: پەخشانگای زانستگای کوردستان .


### بەزمانی عەرەبی


- جمعاوی، بدر عصام (2014)، منصه الخیال العلمی، منشورات الاختلاف، الجزائر.

- سعید، حسین (2006)، تحلیل الخطاب الکونی، مطبعه النجاح الجدیده، الدار البیضاو، مغرب.

- سلامه، رافت یوسف (2010)، ادب الخیال العلمی ، مکتبه نهچه الشرق ، قاهره.

- شریف، نهاد (1999)، الدور الحیوی لادب الخیال العلمی، المکتبه الاکادیمیه، القاهره، مصر.

- شوقی، شریف عاطف (2013)، انطولوجیا ادب الخیال العلمی، الهیئه العامه لقصور الثقافه، القاهره.

- العبد، لاء الدین هلال (2004)، استراتیجیه ادب الخیال العلمی، مکتبه نانسی دمیاط، مصر.

- عبدالنور، احلام خالد (2001)، لغز الخیال العلمی، منشورات وزاره الثقافه، دمشق، 2001.

- عساقله، عصام (2013)، بناو الشخصیات فی روایه الخیال العلمی، دار ازمنه، عمان، الاردن.

- قوره، احمد ابو (1999)، تدریس الخیال العلمی، المرکز الثقافی العربی، بیروت.

- مبروك، راغب مڤلوم (2001)، بناو روایه الخیال العلمی، دار کنعان للدراسات و النشر، دمشق.

- مصطفی، احمد احمد (2009)، الابداع الفنی فی ادب الخیال، الهیئه المصریه العامه للکتاب، مصر.

- وصفی، رؤف صبحی (2015)، بنیه النص الروائی ، دار کنوز المعرفه ، عمان .

- یس، ساره احمد (2007)، افاق ادب الخیال العلمی، الشرکه المصریه العالمیه للنشر، لونجمان.

**رواية خيال العلمي مثلا رواية (لانسان الرخيص) كوران صباح**

**سوران مامند عبدالله**
قسم اللغة الكوردية،كلية اللغات،جامعة صلاح الدين-أربيل
soran.abdullah@su.edu.krd

**بريار خليل حسين**
قسم اللغة الكوردية،كلية التربية الأساس،جامعة صلاح الدين-أربيل
bryar.husein@su.edu.krd

**ريحان رسول احمد**
قسم اللغة الكوردية،كلية التربية الأساس،جامعة صلاح الدين-أربيل
rehan.ahmed@su.edu.krd

**پەروين عبدالله خضر**
قسم اللغة الكوردية،كلية التربية الأساس،جامعة صلاح الدين-أربيل
khudhur@su.edu.krd

**كارزان محسن قادر**
قسم اللغة الكوردية،كلية التربية الأساس،جامعة صلاح الدين-أربيل
karzan.qader@su.edu.krd

**الملخص**
وهذا البحث بعنوان (رواية خيال العلمي مثلا رواية (لانسان الرخيص) كوران صباح). ويتكون من مقدمة وعدة مواضيع. سنتناول في هذا المقال تعريفاً مفصلاً للفكر العلمي والخيال العلمي، وكذلك مخاطر التقدم العلمي على حياة الإنسان والبيئة، ثم سنتناول الصراع والمواجهة بين الكائنات البيولوجية والتكنولوجية والذي تعكسه رواية الإنسان الرخيص. وأخيراً تم عرض النتائج في عدة نقاط، كما تم تصنيف المصادر علمياً. مع ترجمة ملخص البحث إلى العربية والإنجليزية.
**كلمات المفتاحية** : الفكر، الرجل، التسليع، اختراع الرجل.

**The Novel of Scientific Thought for Example, Goran Sabah's Novel(Cheap Human Beings)**

**Soran Mamand Abdullah**
Department of Kurdish Language, College of Languages,Salahaddin University –Erbil
soran.abdullah@su.edu.krd

**Bryar Khaleel Husein**
Department of Kurdish Language ,College of Basic of Education, Salahaddin University –Erbil
bryar.husein@su.edu.krd

**Rehan Rasul Ahmed**
Department of Kurdish Language ,College of Basic of Education, Salahaddin University –Erbil
Rehan.ahmed@su.edu.krd

**Parween Abdullah khudhur**
Department of Kurdish Language, College of Basic of Education, Salahaddin University –Erbil
khudhur@su.edu.krd

**Karzan Mohsen Qadir**
Department of Kurdish Language, College of Basic of Education, Salahaddin University –Erbil
karzan.qader@su.edu.krd

**Abstract**
This research is entitled (Novel of Scientific Thought as an Example of Goran Sabah's Novel Cheap Man). It consists of an introduction and several topics. In this article, we will discuss a detailed definition of scientific thought and imagination, as well as the dangers of scientific advances on human life and environment Then we will discuss the conflict and confrontation between biological and technological creatures and reflected in the novel Cheap Man. Finally, the results are presented in several points, and the sources are scientifically classified. With translation of the research summary into Arabic and English.
**key words**: Thought, people, commodification, human invention.